# ئەم هێندەی پڕ بە زەوی خێرترە لە ئەوی تر

لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک بە لای پێغەمبەردا تێپەڕی -صلی الله علیه وسلم- بە پیاوێک کە لەلای دانیشتبوو فەرمووی: «ئایا ڕات لەسەر ئەم کەسە چییە؟»، ئەویش (پیاوەکە) ووتی: ئەمە کەسێکی ڕێزلێگیراوە لە نێو خەڵکیدا، ئەمە والله شایستەیە: ئەگەر داخوازی بکات (ئافرەتەکەی) پێبدرێت، وئەگەر ناوەندیاری (شەفاعەت) بکات؛ ناوەندیاریەکەی جێبەجێ بکرێت. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بێدەنگ بوو، پاشان پیاوێکی تر بە لایاندا تێپەڕ بوو؟ ئەویش -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئایا ڕات لەسەر ئەم کەسە چییە؟»، ئەویش (پیاوەکە) ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەمە پیاوێکی هەژاری مسوڵمانە، ئەمە والله شایستە نییە: ئەگەر داخوازی بکات (ئافرەتەکەی) پێبدرێت، وئەگەر ناوەندیاری (شەفاعەت) بکات؛ ناوەندیاریەکەی جێبەجێ بکرێت، وئەگەر شتێک بڵێت کەس گوێی بۆ ناگرێت، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەم (کەسی دووەم) هێندەی پڕ بە زەوی خێرترە لە ئەوی تر (لە کەسی یەکەم)».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: دوو پیاوی بە لای پێغەمبەردا تێپەڕبوون -صلی الله علیه وسلم-، یەکێکیان لە پیاوە ڕێز لێگیرا وبەناوبانگەکان بوو لە نێو خەڵکیدا، لەو کەسانە بوو کە قسەکانی گوێی بۆ دەگیرێت وداواکانی جێبەجێ دەکرێت، وکەسی دووەم بە پێچەوانەوە پیاوێکی لاواز بوو لە مسوڵمانان هیچ نرخێکی نییە لە لای زۆر لە خەڵکی، ئەگەر قسە بکات گوێی بۆ ناگیرێت وئەگەر داوایەک وناوەندیاریەک بکات بۆی جێبەجێ ناکرێت، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (ئەم -کەسی دووەم- هێندەی پڕ بە زەوی خێرترە لە ئەوی تر -لە کەسی یەکەم-): واتا لای خوای گەورە کەسی دووەم هێندەی زەوی لە کەسی یەکەم باشترە وڕێزدارترە هەرچەندە کەسی یەکەم ڕێزلێگیراوترە وبەناوبانگترە لە نێو خەڵکی وقەومەکەیدا؛ چونکە خوای گەورە سەیری ناوبانگی وپلەی ڕێزگرتن لە نێو خەڵکی وڕەچەڵەک وسامان وشێوە وجل وسواری وکۆشک وخانوو ناکات بەڵکو سەیری دڵەکان وکردەوەکان دەکات، ولە فەرموودەیەکی تردا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (إن الله لا ينظر إلى صوركم، ولا إلى أموالكم، ولكن إنما ينظر إلى قلوبكم وإلى أعمالكم) [رواه مسلم] واتە: (خوای گەورە سەیری شێوە -ڕواڵەت- وسامانتان ناکات ناکات بەڵکو سەیری دڵتان وکردەوەکانتان دەکات)، ئەگەر دڵ چاک بوو لە نێوان خۆی وخوای گەورە، وگەڕایەوە بۆ لای خوای گەورە، ویادی خوای گەورەی کرد ولە خودا ترسا، وکردەوەکانی بەو شێوەیە بوو کە خوای گەورە لێی ڕازییە؛ ئەوا ئەم کەسە بەڕێزە لە لای خوای گەورە وئەگەر سوێند لەسەر شتێک بخوات کە دەبێت جێبەجێ ببێت ئەوا خوای گەورە بۆی جێبەجێ دەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3880

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee